# ئایا دروستە لەبەرامبەر هەلی بەدەست هێنانی خوێندندا بڕێک پارە ببەخشرێت

[ kurdish – كوردی – كردي ]


## شێخ موحەممەد ساڵح المنجد

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1436

IslamHouse.com

# هل يجوز التبرع لكلية مقابل الحصول على فرصة للدراسة بها؟

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# ئایا دروستە لەبەرامبەر هەلی بەدەست هێنانی خوێندندا بڕێک پارە ببەخشرێت

ئـەم پرسیـارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە:

**پرسیار:** من لـەیـەکێك لـە وولاتـە نـا موسڵمانـەکاندا دەژیم، و دەمەوێت لـە یـەکێك لـە کۆلیژە دیاریکراوەکاندا ناوی خۆم تۆمار بکەم، یاسای خوێندن لـەو کۆلیژەدا وایە هەرکەسێك بڕێك پارەی دیاریکراو ببەخشێت ئەوا لـە تاقیکردنەوەکان دەبەخشرێت، ئـایا ئـەمە کارێکی دروستـە ؟ نـەك هـەر هێندە لـە هـەندێك لـە کۆلیژەکاندا کۆمەڵێك کورسی تایبەت دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە بڕە پارەی زیاتر دەبەخشن، ئـایا ئـەمەش کارێکی دروستـە؟ وە ئـەگەر کۆلیژەکە هەڵسەنگاندنێکی دادپەروەرانە جێ بەجێ بکات بۆ وەرگرتنی خوێندکاران، ئایا دروستە بۆ من پارەیەکی زیاتر

ببەخشم بۆ کۆلیژەکەم بۆ ئەوەی لە بەشداری کردنی تاقیکردنەوەکان ببەخشرێم ؟

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

دروستە بڕێك پارە ببەخشرێت بە هەر کۆلێژێك یان هەر دامەزراوە و ڕێکخراوێك لە بەرامبەر ئەوەدا ببەخشرێت لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی خوێنکاران، وە دروستە ئەو بڕە پارەیش زیاد بکات لە پێناو ئەوەی هەلی وەرگرتنی زیاتر بێت بۆ خوێندن، چونکە لەو کاتەدا کۆلێژەکە خۆی مەرجی ئەوەی داناوە، یان دەبێت خوێندکار ئاستێکی دیاریکراوی هەبێت لە زانست وزانیاری، یان بە بڕێك پارە سوودی هەبێت بۆ ئەو کۆلێژ و دامەزراوەی کە تێیدا دەخوێنێت، ئەمەش کارێکی دروستە وهیچ گرفتێکی تێدا نییە.

ئەو بڕە پارەیەش کە دەدرێت هەرچەند ناوی بەخشینی لێنراوە، بەڵام لەڕاستیدا بەخشین نییە، چونکە بەخشین بەوە دەوترێت کە مرۆڤ شتێك ببەخشێت بەبێ بەرامبەر، ئەو بڕە پارەیش کە دەردێت بەو کۆلێژە لە بەرامبەر شتێکدایە، ئەویش بۆ ئەوەیە ئەو کەسەی ئەو پارەیە دەدات پەیوەندی بکات بە پڕۆسەی خوێندنی ئەو کۆلێژەوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە ئەو خوێندکارە مافی خوێندن لەو کۆلێژە دەکڕێت، وپێی ناوترێت ماڵ بەخشین.

خۆ ئەگەر بەهەرحاڵ ناویشت لێینا بەخشین، ئەمە بەخشینە لە بەرامبەر وەرگرتنی پاداشتێکدا، ڕای ڕاست ودروستیش ئەوەیە کە وەك هەموو کڕین وفرۆشتنێکی تر دروستە، بۆ زیاتر شارەزایی بگەڕێرەوە بۆ پەرتووکی: ( الفواكه الدواني" (١٥٨/٢)) .

**لە ( الموسوعه الكويتية ) يشدا هاتووە کە دەڵێت :** ( الْمَقْصُودُ بِالثَّوَابِ فِي الْهِبَةِ الْعِوَضُ الْمَالِيُّ، وَالأْصْل فِي الْهِبَةِ : أَنْ لاَ يَكُونَ فِيهَا عِوَضٌ مَادِّيٌّ ، لأِنَّهَا تَبَرُّعٌ ، وَلَيْسَتْ مُعَاوَضَةً، إِلاَّ أَنَّهُ يَجُوزُ التَّعْوِيضُ فِيهَا ، وَتُسَمَّى هِبَةَ الثَّوَابِ، وَهِيَ

الْهِبَةُ الَّتِي يَتِمُّ الاِعْتِيَاضُ عَنْهَا . وَالْعِوَضُ فِي الْهِبَةِ إِمَّا أَنْ يُشْتَرَطَ فِي الْعَقْدِ أَوْ لاَ ، فَإِنِ اشْتُرِطَ فِي الْعَقْدِ ، وَكَانَ مَعْلُومًا : صَحَّ الْعَقْدُ عِنْدَ الْحَنَفِيَّةِ وَالْمَالِكِيَّةِ وَالْحَنَابِلَةِ ، وَالشَّافِعِيَّةِ فِي الأْظْهَرِ ، نَظَرًا لِلْمَعْنَى عِنْدَهُمْ ، وَالْقَوْل الثَّانِي لِلشَّافِعِيَّةِ : أَنَّ الْعَقْدَ بَاطِلٌ نَظَرًا إِلَى اللَّفْظِ لِتَنَاقُضِهِ، فَإِنَّ لَفْظَ الْهِبَةِ يَقْتَضِي التَّبَرُّعَ، وَإِذَا صَحَّ الْعَقْدُ : اعْتُبِرَ بَيْعًا ، أَوْ كَالْبَيْعِ فِي الْجُمْلَةِ ، وَيَكُونُ لَهُ أَحْكَامُ الْبَيْعِ ؛ فَيَثْبُتُ فِيهِ حَقُّ الْخِيَارِ، وَحَقُّ الرَّدِّ بِالْعَيْبِ ، وَحَقُّ الشُّفْعَةِ ، وَيَسْقُطُ حَقُّ الرُّجُوعِ ) (ا لموسوعة الفقهية الكويتية " (٦١/١٥) .

واتا: مەبەست لە پاداشت لەبەرامبەر بەخشیندا، پێدانی بڕیك پارەیە، ئەصڵیش لە بەخشیندا ئەوەیە كە بەرامبەری نەبێت، چونكە ناوەكەی بەخۆیەوەیەتی كە بەخشینە، نەك لە بەرامبەر شتێكدا بێت، بەڵام دروستە بەرامبەرییش وەربگیررێت وپێی دەوترێت بەخشینی بە پاداشت، ئەو بەخشینە بڕیتی وەرگرتنی تێدایە، جا بڕیتی وەرگرتن لە بەخشیندا یان بەمەرجە لەكاتی گرێبەستدا، یان بەبێ مەرجە، ئەگەر هاتوو لە گرێبەستەكەدا بە

مەرجی گیرا، و دیاری کراو بوو: ئەوا لە لای حەنەفی و مالیکی وحەنبەلیەکان شافعیەکانیش لەمەزهەبدا دروستە، ئەویش لەبەر ڕەچاو کردنی کتێبی ( المغني ) لای شافعیەکان، ڕای دووەمی شافعیەکانیش ئەوەیە: گرێبەستێکی لەو شێوەیە بەتاڵە چونکە هاوتا نییە لەگەڵ مانای بەخشیندا، چونکە لەفظی ( الهبة ) مانای بەخشین بەبێ بەرامبەر دەخوازێت، ئەگەر گرێبەستەکەش بە صەحیح بوو ئەوە بە ( بیع ) کڕین وفرۆشتن دادەنرێت، نەك بەخشین، یان بە شێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت کڕین وفرۆشتن، و هەموو ئەحکامەکانی کڕین وفرۆشتنی هەیە، لە مافی ( خیار ) سەرپشك بوون، وگەڕانەوەی بۆ خاوەنەکەی لەکاتیوونی عەیب وکەمووکورتیەك تێیدا، لەگەڵ مافی ( الشفعة ) ڕەچاوکردنی فرۆشتنی بە دراوسێیەکەت، .....

بەڵام دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکرێت و ئاگاداری ئەوە بیت کە خوێندن لەو کۆلێژە خوێندنێکی حەڵاڵ بێت، وەك خوێندن لە

کۆلیژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری، نەك ئەصلێ خوێندنەکە حەرام بێت، وەك خوێندن لەکۆلێژەکانی تایبەت بە گۆرانی و مۆسیقا وشانۆ و ڕەقس وسەماکردن، چونکە خوێندن لەم کۆلێژ وپەیمانگانەدا دروست نییە، و بەهەمان شێوە دروست نییە مرۆڤی موسڵمان ماڵو سامانی خۆی لەوەها کارێکدا خەرج بکات و بەهەدەری بدات ..

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیبسلام پرسیار و وەڵام .